وێنەی مرۆڤ لە "خودێکی مانا بەخشەوە" بۆ "کایەکی دیجیتاڵی"-1-..عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

(1)

وێنەی مرۆڤ

(دیموکراتیزەکردن/ کەین و فرەشتن)

فیکریی تەکنەلۆژی، مێژووی دامەزینی (وێنەی مرۆڤ)ە لە مرۆڤبوون، بە مانایەکی دیکە تەکنەلۆژیا، وێنەی مرۆڤ لە "خودێکی بڕەمەنەری مانا"وە، بۆ "کڕستەیەکی بەکاربردن" دەگۆڕێت؛ لە ئەزموون و ئەزموونگەریەوە بۆ "سیمای دیجیتاڵی"... هەر بۆ مانایش (جەستەی مرۆڤ) لە واقیعێکی کلتووری بۆ مەکینە و ئامرازێکی میکانیکیی هووت و (هوخساری مرۆڤ)یش لە ژێر زەبری پیشەسازیی جوانکاری و مەدەلە ستانداردەکانی بازاڕدا لە ناسنامەوە بۆ کایا دەگۆڕێت.

ئەگەر وێنەی مرۆڤ شەوازی تێگەیشتن لە ناوەوە و مانای مرۆڤ دەستنیشان بکات، ئەوا وێنەی هوخسار لای (ڤالتەر بنیامین) لە سەرەتای سەردەمی فەتەگرافیدا، وەک دواین هەڵی بەرگریی تەماشا دەکرا... بەمجۆرە فەیلەسوفی ئەڵمانی (ڤالتەر بنیامین) جیاکاریی لەنێوان دوو جۆر بەهای بنەڕەتیی وێنەدا دەکات، "بەهای پەرستش" و "بەهای نمایش".

بەهای پەرستش، لە هونەری کلاسیک و وێنەکێشانی کەندا، ئەوەیە کە وێنە هەڵگری هەندێکی ئایینی و ئینتەلێژیی پیرۆز و "خەرمانە"ی هەیە: (وەک ئایکۆنە پیرۆزەکان یان تابلۆی یادەوەریی مردووان کە لە شوێنە دابڕاو و تایبەتەکاندا دەپارێزران)؛ بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای کۆپیکردن و بڵاوبوونەوەی بەکەمەڵی وێنەکان، ئیتر بەهای نمایش پاشەکشێی بە بەهای پەرستش کرد و بەهای پەرستش جێگەی خۆی بە بەهای نمایش چەق کرد! واتە وێنە لە کایەی پیرۆزییەوە بڕاو کایەی بەکاربردن و تەماشاکردنی جەماوەری وەرچەرخا! بنیامین پێیوایە، هوخساری مرۆڤ هەمای ئاو وەرچەرخانێ مێژووییە کە تێیدا هونەر لە "پیرۆزی و تاکایەتی"یەوە بڕاو "گشتیبوون و تەکنەلۆژیا" هەنگاو دەنێت؛ بۆ مانایە هوخسار دوا

ڕایەڵی پەیوەستبوونی مرۆڤی مۆدێرنەیە بە ئابردووی خۆیەوە- هەبەتە پێش ئەوەی تەکنەلۆژیا بتوانێ وێنەکە بکاتە کایەکی جەماوەریی ڕووت.

بەڵام وێنەی ڕوخسار (وەک سیمای دیجیتاڵی) لای کەمێنەیەکی ئێنتڕپەلۆژیستی ناوداری فڕانسی (دافید لە برتۆن)، نامۆبوونی خود و جەستە دەگەیەنێت؛ واتە کتێبی (ئێنتڕپەلۆژیای جەستە) لە (وەرگێڕانی عەرەبی: محمد عرب صاصیلا، چ٢، ١٩٩٧- بەیروت)، تەنها قسەکردن نییە لەسەر پیرۆزی جەستە، بەڵکە لەوێدا جەستە نوێنەرایەتیی خودی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکات؛ لە بەشی (هەشتەم)ی کتێبەکەدا دەڵێت: لەگەڵ هاتنی مۆدێرنێتە و باڵادەستبوونی فەلسەفەی دەکارت و چەمکی "دووانەیی جەستە و ڕۆح" ئیتر لە جیهاندا، جەستە وەک ناسنامە لە خودی مرۆڤ جیاکرایەوە؛ جەستە نەک وەک خودی مرۆڤەکە، بەڵکە وەک "ئامرازێک" یان "خاوەندارێتییەک" دەبینرا کە مرۆڤ هەیەتی... ئەو جیاکارییە لە کلتووری هاوچەرخدا، جەستەی تووشی لێت لێتبوون و نامۆبوون کرد.

هەبەتە بنیامین پێیوایە پارچەپارچەبوونی مرۆڤ، تەنها گوزارشت لە کۆتنی خودی مرۆڤ ناکات، بەڵکە گوزارشت لە لێکترازانی ناسنامە کلتووریەکەش دەکات... بنیامین لە نەریتیی هونەر (وەک تابلۆی زەیتی) بە سەرەتای سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێ (وەک فۆتۆگرافی و سینەما) دەکاتەوە و پێیوایە ئەم کۆنفڕانسە تەنها گوزارشت لە کۆتنی بەهای ئەزموونی هەستن ناکات، بەڵکە چیەتیی ئەزموونی هونەریی نوێش ئاشکرا دەکات... (بڕوانە: کتێبی "واڵتەر بنیامین"، لە بارەی وێنەی ڕوخساری مرۆڤ لە تەکستە بەناوبانگەکەی"کاری هونەری لە سەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا" بەاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا، زنجیرە ٢٠٠-٢٠١٧، ل 159).

ئەگەر بەهای ئەزموونی هونەری بە (خودی مرۆڤ) دابنێین، ئەوا چیەتیی ئەزموونگەری هونەری (ناسنامەی مرۆڤ)ی لەدەکەوێتەوە؛ بەم مانایەش ئەزموون و ئەزموونگەریی مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ جێگیربوون و نەریتگەراییدا لە قەیراندایە! بەیە ئەزموون و ئەزموونگەری هونەری لای بنیامین لە سەردەمی مۆدێرندا، چیتر هەکارێک نییە بۆ گواستنەوەی نەریتیی هونەری، بەڵکە پانتاییەکی ڕەخنەییە کە مرۆڤ تێیدا فێر دەبێت چۆن بەرگەی زەبر و شەکەکانی (کات- زەمەن) بگرێت؟!.

بەڵام ڕوخسار وەک لوتکەی جەستە تەنها پێکهاتەیەکی بایۆلۆژی (پێست و ئێسک) نییە، بەڵکە سەکۆیەکی گەیاندنی سیمبۆلیی گەورەیە... بۆیە لە برتۆن شیکاری بۆ گرژییەکانی ماسولکەی ڕوخسار، چاوتروکان، زەردەخەنە و نیگاکان دەکات و پێیوایە پێش ئەوەی مرۆڤکان زمان

(وەك ئەزموون) بەكاربهێنن، هەوخسار (وەك ئەزموونگەری) دەست دەكات بە ئاخاوتن و دەربڕینی هەستە بنەڕەتییەكانی وەك (ترس، خۆشی، تووڕەیی، خەمۆكی...)؛ لە برتێن جەخت دەكاتەوە كە ئەم دەربڕینانە، ئەگەرچی هەندێك فیسیۆلۆژییان هەیە، بەڵام لەڕێگای كلتوورەوە هەڵدەخرێنەوە (بە نموونە: دەخێی كلتووریی زەردەخەنە، یان سووربوونەوەی هەوخسار لە كاتی شەرمدا) ئەو تەنها قسە لە كەمەناسیی پەست و گەشت ناكات، بەڵكە مێژووی سەرهەڵدانی "تاكگەرایی پێشكەوتوو" لە ڕێگای مێژووی وەرچەرخانی جەستەوە دەخوێنێتەوە! جەستەی گەڕاو (ناسنامەی فرەهەند) لە هاوسەنگیی گەردونییەوە بە مەكینەی توكاری لە كتێبی "ئەنترۆپۆلۆژیای جەستە"وە قسەی لەكراوە، لەوێدا (دافید لە برتێن) پێناسەی جەستەی وەك دەستكەوتكی كلتووری و كۆمەڵایەتی دەكات، نەك وەك پێكهاتەیەكی بایۆلۆژیی هووت.

لە (بەشی دووەم)ی كتێبەكەدا گەشتكی (مێژوویی-مەعریفی) بە تێگەیشتن لە سیستەمە ئۆریای جەستە دەكات و پێیوایە لە كۆمەڵگا نەریتی و سەرەتاییەكاندا: جەستەی مرۆڤ سنووركی دابڕاو و سەربەخۆی نییە؛ بەڵكە بەستراوەتەوە بە تەی سروشت، گەردوون و جەستەی كۆمەڵگاوە: كاتێك جەستە نەخۆش دەكەوێت، وەك تێكچوونی هاوسەنگیی گشتیی گەردوون تەماشا دەكرێت؛ لەبەرەدا جەستە "دوورگەیەكی دابڕاو" نییە.

لە (بەشی سێیەم: جەستە، مەكینە و ناسنامە)دا وێنەیەكی نوێ لەڕێگای توكاریی پزیشكییەوە بە جەستە دەكێشێ، وەك چۆن بە یەكەمجار لە نەشتەرگەری (ئەندریاس ڤیسالیوس) و گومانكانی دەكارتیدا قسەی لەكراوە؛ لەو بەشەدا جەستە وەك "ئامادەییەكی میكانیكیی سەربەخۆ" لە كۆمەڵگا و گەردوون دادەبڕێ و دەیخاتە سەر مێزی گومان و توكارییەوە... لە برتێن پێیوایە لە دوای ئەم وەرچەرخانە، جەستە بوو بە "پاشكۆ"؛ چیتر مرۆڤ خۆی جەستە نییە، بەڵكە بوو بە "خاوەنی جەستە"، و جەستەش بوو بە یەكەمین كەرەستەی خاوەندارێتیی تایبەت.

ئەگەر بڕاوردێك لەنێوان (بنیامین و لە برتێن)دا بكەین، دەبینین ئەم دوو بیرمەندە لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە قسە لەسەر دەستكاریكردنی جەستە و هوخسار دەكەن؛ (ڤالتەر بنیامین) لە (سەرەتای سەردەمی پیشەسازی) و (دافید لە برتێن) لە (لوتكەی سەردەمی دیجیتاڵی)وە لە هەندە تەوانیندا بەیەك دەگەنەوە! (ڤالتەر بنیامین) قسە لە سروشتی (جەستە/ وێنەفۆتگرافی) و پرسەی دووبارەبوونەوەی تەكنیكیی هوخسار دەكات و (دافید لە برتێن) قسە لە جەستە وەك پێكهاتەیەكی (تەواونەكراو) دەكات، كە بەردەوام

دەستکاری دەکرێت!
لای بنیامین ئەنجامی دووركەوتنەوە لە دەستەبەندی ئەو کاتە بەدەردەکەوێت کە فۆتۆگرافی لە خوسار دووردەکەوێتەوە، بە نموونە (دیمەنی کانە چەقۆکان- وەك دەستاتی دیمەن)، لەو حاڵەتەوە وێنە دەبێتە کەرەستەیەکی سیاسیی زگاریخواز، کاتێك خوساری مرۆڤی ئاسایی (نەك دەستاتداران) دەردەکەوێت، ئیتر مانا و بەهایەکی مۆژوویی نوێ دەبەخشێت؟! بەو مانایش ئۆگەرچی دیمەن هونەری دەستاتە، بەڵام لۆگۆ دەرکەوتنی وێنەدا دەتوانین دەستات لە دوو خوودا بخوێنینەوە.
بەڵام کاتێك دەستات و دەستاتی تەکنەلۆژیا و سەرمایەداری هەرش دەکەنە سەر خوسار و دیکەنە بابەتێکی بازرگانی و دەستکاریکراو، یان بابەتێکی ساختە، لە ئاستیدا هەرش دەکەنە سەر دوا مۆگەی مرۆڤایەتی و تاکێتیی ئەم؛ واتە هەزی ئاستەکەر دەستکاریی نمایشکەران (دیمەنکەران) دەکەن بە هەشیارکردنەوەی (درێینە) و ئاستەکردنی جەماوەر، بازرگانی و بازاڕ…
بە بەوای (ڤالتەر بنیامین) دەستاتی تەکنەلۆژی لەلایەك دەلالەت لە لەناوچوونی خەرمانەی "هالە"ی خوسار دەکات؛ لەلایەکی دیکە لەناوچوونی هالەی خوسار دەرگا بە دیموکراتیزەکردنی هونەری دەکاتەوە و هونەر لە قەرخکاریی چینە باکان زگار دەکات! بۆگوڕەی بیرکردنەوەی بنیامین لە توانای بەرهەمهێنانەوەی هونەری هاوچەرخدا هەزکی شاراوە هەیە، ئەو هەزە شاراوەیە بەدژی نەریتگرایی و جۆگیربوون کار دەکات! بەڵام ئایا هەزکی ساختەکارانەش نییە؟.
(دافید لە برتەن) دەستاتی تەکنەلۆژی و بازرگانیکردن وەك نامەبوونی خود دەبینێ؛ بەو مانایش پیشەسازیی جوانکاری و فلتەر دیجیتاییەکان، خوسارکان دەکەنە یەك مۆدێلی ستانداردی بازرگانی و یەك مۆدیلی ستانداردی سیاسی و بە تەواوی لە بوونی مرۆیی و جیاوازییەکان دای دەبڕن!.
لە (بەشی نیەم)ی کتێبەکەدا بەناوی (ئەش و ئازار)، بەشوەیەکی ناڕاستەوخۆ درێژە بە بیرکردنەوەکانی لەبارەی بازرگانیکردن وەك نامەبوونی خود دەدات و پێوایە شاشە و سنوورکانی جەستەی دیجیتاڵی دەچێتە ناو ئەنترپۆلۆژیای ئازارەوە و لەوەوە دەڵێ: ئۆگەرچی لە کاتی تەندروستیدا، جەستە "بەدەنگ" و ئەم هەست بە کارکردنی ئەندامەکانمان ناکەین؛ بەڵام لە کاتی ئازاری فیزیکیی تووندا، جەستە فەرمانی خۆی بەسەر خوددا دەسپێنێتەوە و دەبێتە زیندان؛ لەو بەشەدا دیاوە بۆ مۆدێرنێتە لەگەڵ پزیشکی و تەکنەلۆژیاوە (بەهەشکردن و سەکردنی بەردەوام) هەوڵی لەناوبردنی

تەواوەتیی ئازار دەدات، ئەوەش وایکردووە مرۆڤی هاوچەرخ توانای بەرگەگرتنی مانایی و دەروونی بە ووداوە سەختەکانی ژیان کەم ببێتەوە، چونکە ئازار چیتر بەشێک نییە لە "مەشقی ڕۆحی" یان تاقیکردنەوەی بوونیی مرۆڤ، بەڵکە تەنها وەک "کێشەیەکی تەکنیکی لە مەکینەکەدا" سەیر دەکرێت.
بە کورتی لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، ڕوخسار لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دابڕاوە؛ لە کەمەڵگای شاشەکاندا، ڕوخسار پێویستی بە ئامادەیی فیزیکی نییە؛ بەڵکە لەڕێگای وێنەی پرۆفایل و فلتەرکانەوە، ڕوخسارێکی "ئایدیاڵ" و دەستکرد بەرهەم دەهێنرێتەوە کە ماسکێکە بۆ ڕازیکردنی نیگای ئەوانی دی؛ ئەوەش دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی ئەو پێوەندییە ئەخلاقییەی کە فەیلەسوف (ئیمانوێل لێڤیناس) پێی دەگوت "بەهای ئەخلاقیی ڕوخسار"، چونکە تەماشاکردنی ڕوخسارێکی فلتەرکراوی سەر شاشە، تەماشاکردنی "کاڵایەکی بازرگانییە" نەک مرۆڤێکی خاوەن ئێش و ئازار، مێژوو و یادەوەری...
کتێبی "ئەنترۆپۆلۆژیای جەستە" هاوارێکی ڕەخنەییە دژ "بە مەکینەکردنی مرۆڤ"... (دافید لە برتۆن) بانگەواز بۆ گەڕانەوە بۆ جەستەیەک دەکات، بۆ ئەوەی جەستە خۆی مانا بەرهەم بهێنێت؛ جەستەیەک کە پیر دەبێت، کاتی بەسەردا تێدەپەڕێت، هەست بە ئازاری ئەوی دی دەکات، و خاوەن ڕوخسارێکە کە ناکرێت لە ناوەندە بازرگانی و دیجیتاڵییەکاندا کۆپی بکرێتەوە؛ لای ئەو جەستە تەنها تەکنیکێکی ئەرگانی نییە، بەڵکە "نووسراوەکی کلتووری و مێژووییە" کە دەبێت بە وریایییەوە بخوێنرێتەوە.
دواجار ئەو دوو بیرمەندە جیاوازییەکی قووڵی چەمکسازیمان پێدەبەخشن؛ ئەگەرچی هەردوولا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە وێنەی مرۆڤی هاوچەرخ لە بەها و ڕەسەنایەتییەکەی خۆی داماڵدراوە، بەڵام جیاوازیی ڕادیکاڵی نێوانیان لە تێڕوانینیانداید، بە: "ئامانجی" ئەم گەڕانکارییە و "ئەنجامە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی" کە بەسەر مرۆڤایەتیدا دەسەپێت؟!.
لەو نووسینەدا دەمەوێ لەو خاڵە ورد ببمەوە کە (ڤالتەر بنیامین) و (دافید لە برتۆن) تێیدا یەکدەگرنەوە، واتە کاتێک فەتەگرافی لە ڕوخسار دوور دەکەوێتەوە (بە نموونە لە دیمەنی شەقامێکی چڕ)، هاڵەی ئەویدیکەی جیاواز بەتەواوی دەشکێت؛ ئیتر مەترسییەکە ئەوەیە کە وێنەی جیاوازی (وەک دوا مۆدێلی ناسنامە و گەرمیی مرۆیی) لە دیمەنەکەدا نامێنێت، بەشایی‌ك دروست دەبێت، ئەو بەشاییەی لایەن سیستەمی دەسەڵاتی بازاڕ و سەرمایەدارییەوە بە خڕایی پێ دەکرێتەوە؟! لێرەدا بەشاییەکی هاوبەشی ترسناک لێنوان هەردوو بیرمەنددا دەبینین: لای بنیامین فەتەگرافی لە ڕوخساری مرۆیی دوور

دەکەوێتەوە، لەو کاتەدا ئیتر ئەو "پانتایی مرۆیی و ئەنتەلۆژیی" نامێنێت کە وێنەکەی بە هەستنەتیەوە دەبەستەوە! لەم چرکەساتە مۆژوویی‌دایە جەستە و ناسنامەی مرۆڤ تووشی لێتبوون و پارچەپارچەبوون دەبێت؛ لەرەوە بە بەوای بنیامین بازاڕی سەرمایەداری (وەک هەزەکی شاراوە) هەک دەچێتە ناو بەشایی‌کەوە! بەڵام ئەو بەشاییەی بە بنیامین هەزەکی شاراوەیە بە دیموکراتیزەکردن! کەچی لە برتێن لە لوتکەی مەدەرنێتەدا وەک "کارەساتێکی بازرگانی" دەیناسێنێت؛ چونکە پێیوایە سیستەمی بازاڕ لەوەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پارچە و لەتانەی جەستە و ڕوخساردا دەکات و دەیانکاتە کاڵای ڕووت بۆ بەکاربردن و قازانجکردن! بەو مانایەش مرۆڤ لە گشتێکی یەکگرتووەوە، دەبێتە کەمەک "سیمای دیجیتاڵی" (ماسک، فلتەر، گەشت، پێست) کە لە بەرسەی جوانکاری و شاشەکاندا کەین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت!
بە کورتی (دیموکراتیزەکردن) و (شکاندنی مۆنۆپۆلی مەعریفە و دەسەڵات)ی بنیامین، لای لە برتێن وەک (کاڵایەکی بینراو) بە (کەین و فرۆشتن) دەبینرێت! لە برتێن دەیەوە بە دیموکراتیزەکردنی مرۆڤ لە سیستمی تەکنەلۆژییدا پرۆسەیەکی تەواونەکراوە و پڕ لە گرژی… کەواتە ئەگەرچی تەکنەلۆژیا مرۆڤی لە دەسەڵاتی ستونیی ڕزگار کردووە، بەڵام هاوکات خستوویەتییە ناو تەڵەکی ئاسەیی لە چاودێری و نامۆبوون؛ بەیە ئەمە مرۆڤی هاوچەرخ لە نێوان "سەروەریی دیجیتاڵی" و "بەکاڵابوونی تەواوەتی"دا دەژیت.

عەبدولموتەلیب عەبدوڵا
هەولێر 25/6/2026